# لە نێوان  کۆلۆنیالیزم و نەتەوەسازی دا



پرۆفیسۆر. د. هێنەر فیورتیگ

و. لە ئەڵمانییەوە هەڵۆ بەرزنجەیی

پاش جەنگی جیهانی یەکەم، هێزە سەرکەوتووەکانی جەنگ، ڕۆژهەڵاتی ناوینیان لە نێوان خۆیان دابەش کرد. وڵاتە عەرەبییەکان وردە وردە سەربەخۆیی خۆیان بەدەست هێنا. هەستێکی هاوبەشی عەرەبی دروست بوو، لێ نەیتوانی زاڵ بێت بەسەر تاکە بە تاکەی دەوڵەتەکان دا. تا ئەوکاتەی دوژمنە هاوبەشەکەیان،دەوڵەتی ئیسرائیلی نوێ ،وڵاتانی عەرەبی پێکەوە بەستەوە. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا،دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و باکووری ئەفریقا، ژێردەستەی سوڵتانی عوسمانی بوون،کە وەک خەلیفە وابوو، بۆ زۆر لەوانە وەک سەرۆکی ئاینیش بوو. لە ڕاستیدا لەو سەردەمەدا،بزاڤێکی ناسیۆنالی عەرەبی نەبوو، کە لە دواجاردا وەک وەڵامدانەوەیەک بوو، بەرامبەر بە ناسیۆنالیزمی تورکی و ناوەندێکی سەرکردایەتی کردنی نەبوو.ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە دەستتێکیدا دەربڕی کەمی داخوازی سیاسی بوو، بەڵکو زێتر هەوڵی بۆ کولتووری عەرەبی و بەتایبەت ژیانەوەی میراتی کەلەپووری "ڕابوون ـ نهضة" بوو،وشەی سەرەکی بوو.

هەتا سەرهەڵدانی جەنگی جیهانی یەکەم،سەرانی ناسیۆنالیستی عەرەبی داوای مافی وەک یەکیان دەکرد،یاخود دان بنرێ بە کولتوورەکەیان دا۔ شتێ وەک ڕێگەدان بە زمانی عەرەبی وەک زمانی فەرمی ـ وەک سەروەرییەکی دەوڵەتی بۆ ناوچە زمان عەرەبەکان. ئەم بارودۆخە ساتێ گۆڕا، کە شەڕی جیهانی یەکەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتەوە. ڕووبەڕووبوونەوە بنچینەیی لە نێوان هاوپەیمانێتی (بەریتانیای مەزن، فەرەنسا، رووسیا) وخاوەن هێز(ئەڵمانیا،ئەوستریا/نەمسا۔ هەنگاریا،دەوڵەتی عوسمانی) بزاڤەکەی کردە سیاسی،چونکە هەوڵەکان بۆ سەرفرازیی، لە ئێستا دەرەتانیان پێدەبەخشێ، ئیمکانێتێکی ڕاستەقینە پشتیوانی لە لایەن بەریتانیای مەزن و فەرەنساوە بەدەست بهێنن. بۆ ئەم هاوپەیمانان سەرلەنوێ بەرژەوەندی ناسیۆنالی عەرەبی لەو چرکەساتەدا لەبەرچاو گیرا، کاتێ سوڵتان بە خەسڵەتی خۆی وەک خەلیفەی عوسمانی لە مانگی ١١ی ١٩١٤ دا، داوای جیهادی لە دژی دوژمنە کافرەکان ڕاگەیاند، واتە بەرەی هاوپەیمانان.

لەندەن چاوی گێڕا،بۆ کەسایەتییەکی عەرەبی موسڵمان کە شایستە بێت،بۆ ئەوەی بانگەوازی عوسمانی بۆ جیهاد لە دەستوپێوەندکانیان بسەنن‌ەوە.ئەوە شەریف حوسەینی مەککە بوو،لە بنەماڵەی پێغەمبەر،بەنی هاشم(هاشمییەکان)، پێشنیازەکەی بەریتانییەکان ،دووبارە خەلافەت، بخاتەوە" دەستی عەرەب" بە خۆشی و شادییەوە وەرگرێ.ئەو هەر خەلافەتی عەرەبی نەدەویست، بەڵکو دەیویست بکرێتە سەرۆکی دەوڵەتێکی یەکگرتووی عەرەبی لە ئایندەدا. لەبەر ئەمە،بەشدارییەکی گەرموگوڕی لەنامەگۆڕینەوە دا کرد، لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای پرۆتەکتۆر/ پارێزراوی بەریتانیا لە قاهیرە، Hennry McMahon . ئەمیش لای خۆیەوە نێردراوی خۆی، بەر لە هەمووان Edward Lawrence (لۆرانسی عەرەب) دەستنیشان کرد، بۆ ئەوەی عەرەب لە ژێر سەرکردایەتی شەریف دا، بۆ ڕاپەڕین دژی عوسمانی هان بدات.

به کردەوە لە مانگی شەشی ١٩١٦ دا ڕاپەرین لە بیان دا دەستی پێکرد، ڕێگای پێوەندیی و گەیشتنی هاوکاریی عوسمانی بە نیوە دورگەیی عەرەبی شێواند و تێکدا.وەک پاداشتێک بۆ ئەم پشتیوانییە سەربازییە، حکومەتی بەریتانی دڵنیایی دا، پاش سەرکەوتن بەسەر عوسمانییەکاندا ، دەوڵەتێکی سەربەخۆی عەرەبی دامەزرێنێ. دوای دۆڕاندنی دەوڵەتی عوسمانی لە ١٩١٨/١٠/٣٠ دا عەرەبە ڕاپەڕیوەکان هەموو هۆکارێکیان هەبوو،پەیمانەکەی ئینگیز بەرنە سەر. ئەوان نەیان دەتوانی ئەوە بزانن،کە کە لەندەن لەگەڵ پاریس دا،لەمێژە پەیماننامەیەکی دیکەیان بەستووە.لە ١٩١٦/٥/١٦ دا دبلۆماتکارانی ئینگلیزی و فەرەنسی Mark Sykes و Georges Pico ڕێککەوتبوون، ناوچە عەرەبییەکانی دەسەڵاداڕێتی عوسمانی "ناوچەی کاریگەر" لەنێوان خۆیاندا دابەش بکەن،(ڕێکەوتننامەی سایکس ـ پیکۆ). ساڵێکی تەواو دواتر لە ١٩١٧/١١/٢ دا وەزیری دەرەوەی بەریتانیا Arthur James Balfour ،لەسەر ئەو بابەتە بەناوی حکومەتەکەیەوە ڕاگەیاندنێکی دا،پشتیوانی لە دامەزراندنی " نیشتمانێکی جولەکە" لە فەلەستین دا دەکات.(ڕاگەیەندراوی بەلفۆر).

بەمەش دەردەکەوێ پێش ڕووخانی عوسمانییەکان چەندین بڕیار دراوە.لەبەر کۆمەڵی هۆکار، فەرەنسا و بەتایبەت بەریتانیای مەزن،ڕێکەوتنەکەیان بە نهێنی هێشتەوە،ئەمەش ناکاتە شکاندنی هەموو بەڵێنەکانی بە عەرەبیان دابوو،لە پێشی هەموویانەوە حوسەینی مەککە.

***نامەی هێنری ماکماهۆن بۆ شەریف حوسەینی مەککە(١٩١٥):***

لە ١٩١٥/١٠/٢٤ دا کۆمیساری باڵای بەریتانی لە قاهیرە، ماکماهۆن بۆ شەریف حوسەینی مەککە دەنووسێ:هەردوو مەڵبەندەکەی مێرسینا و ئەلەکسەندریتا و هەروەها بەشێکی سوریا ،کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای دەڤەری دیمەشق،حمس،حەما و حەلەب ،پیاو ناتوانێ وەک ناوچەیەکی عەرەبی بێگەرد دایان بنێ.

لەبەر ئەوە دەبێت نەکەونە ناو سنووری دەوڵەتە داواکراوەکەوە.(...)جگەلەوە ناوبراو ئەو پێشنیازە گۆڕاوانە، بەریتانیا ئامادەیە سەربەخۆیی عەرەب لە هەموو ئەو ناچانەی لەلایەن شەریفی مەککەوە داواکراوە، دان پێدا بنێ و پشتیوانی لێ بکات.من قەناعەتم هەیە، ئەم ڕاگەیاندنە بەڕێزتان بێ دوودڵی بە مەیلداری ڕازی دەکات،ئەوەی بەریتانیای مەزن بۆی دۆستە عەرەبەکانی دێنێ.

بەمە هاوپەیمانێتییەکی توندوتۆڵ و هەمیشەیی دادەمەزرێنێ، کە ئاکامی خێرای دەرپەڕاندنی تورکەکان دەبێت، لە وڵاتانی عەرەبی و ئازادکردنی گەلانی عەرەبە لە ستەمی تورک،کە ساڵانێکە درێژەی کێشاوە لەسەریان.

***ڕاگەیاندنەکەی(١٩١٧) بەلفۆڕ*** وەزارەتی دەرەوە،١٩١٧/١١/٢ خۆشەویستم !Lord Rothschild

سەبارەت بە خۆشحاڵی گەورەی خۆم ،ناوی حکومەتی .S.M پێت ڕادەگەیەنم، ئەم ڕاگەیاندنی ـ مەیلدارییە، لەگەڵ هەوڵی زایۆنیستی ـ جولەکە، کە لەلایەن کابینەوە لێکۆڵینەوەی لێکراوە و ڕێگەی پێدراوە. وە وای دادەنێ هەڵسەنگاندنی حکومەتە خاوەنشکۆکەی، دامەزراندنی نیشتمانێکی نەتەوەیی لە فەلەستین بۆ گەلی جولەکە، بە چاکەوە دەخوازێ هەوڵێکی زۆر دەدات،بۆ گەیشتن بەم ئامانجە. ئەوەی بە ڕوون جێی تێگەیشتنە،وە ئەوەی نابێ بکرێ، دەبێت مابی بۆرژوازی و ئایینی هەڵوێستی ناجولەکە بۆ کۆمەڵگای جولەکە لە فەلەستین چی بێت یاخود دەتوانێ ماف و هەڵوێستی سیاسی جولەکە لە هەر وڵاتێکی تر خراپتر و لاوازتر بکات.

من تکات لێ دەکەم ئەم ڕوونکردنەوە بۆ زانیانی ببە بۆ فیدراسیۆنی زایۆنیستەکان. ئیمزا جێمس بێلفۆر. لەبەر هۆکاری باش، فەرەنسا و بەتایبەت بەریتانیا ئەم ڕێکەوتننامەیەیان بە نهێنی هێشتەوە،ئەمەش مانای کەمتر نەبوو لە شکاندنی گشت گفتەکانی دژی عەرەب ،لە پێشی هەموویانەوە حوسەینی مەککە. تا کۆتایی جەنگ،لەندەن لەسەر ڕاگرتن و هێشتنەوەی فێڵبازیی و خەیاڵپلاوی لەسەر برایەتی چەکی عەرەبی ـ بریتانی ئارەزووی هەبوو. لە ژانیوەری ١٩١٨ دا حکومەتی بەریتانیا،بە هاوبەشی لەگەڵ فەرەنسییەکان،ڕاگەیاندنێکیان ئامادەکرد دەربارەی "میسیۆنی ئازادکردن"،بۆ ئەو گەلانەی لە لایەن تورکەوە دەچەوسێنەوە.

سەربەخۆییان دەدرێتێ پاش "سەرکەوتن بەسەر دوژمنی هاوبەشدا". ڕاگەیاندنەوەکە بە شێوەیەک لە شێوەکان بەهۆی گوشاری لایەنی سێیەمەوە هاتە ڕاگەیاندن.چونکە هەر لەو سەردەمەدا سەرەک کۆماری ئەمەریکا Woodrow Wilson بەرنامە ١٤ خاڵییەکەی ڕاگەیاند،کە گفتی دا هەموو گەلانی سەرزەوی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان هەیە. بەرنامەیەک لە لەندەن و پاریس وەک شەڕ ڕاگەیاندنی، لایەنێکی تر وا بوو، لە پێناوی سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی ناوچەکە، بەو شێمانەیە لێکدانەوەی بۆ دەکرا، کەوا بۆتە گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی نەوت. لە کۆتاییدا، شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ لە ڕووسیا، مشوری ئەوەی خوارد، کە پلانی نهێنی بەریتانی ـ فەرەنسی ئاشکرای کرد. لە هەوڵ و تەقەلای ئاشکراکردنی پلانە "تاوانکارییەکەی" تسارە ڕووخاوەکان و " هاوکارە ئیمپریالیستەکانی"،پەردەی لەسەر لادات. بۆلشەفیکەکان مەلەفە نهێنییەکانی دەوڵەتیان هەڵدایەوە.

لە مانگی یەکی ١٩١٨ دا، کۆپییەکی ڕێکەوتننامەی سایکس ـ پیکۆ کەوتە بەردەست و ئاشکرا بوو، ئیدی ئەوە نەما بانگاشە و خەیاڵ پلاوی " ئەرک و پەیامی رزگارکردن" (گوایە ئینگلیز و فەرەنسی خۆیان بە هێزی رزگارکەر دەدایە قەڵەم) ئیدی هیچ مانایەکی نەما.

### دامەزراندنی دەوڵەتی عەرەبی لە سایەی ناپاکیدا

جاران پێش سەدەیەک لەمەوبەر،هەوڵەکان بە درەنگ و هێواشتر بڵاودەبوونەوە و وەک ئێستا نەبوو. کاتێ فەیسەڵی کوڕی شەریف حوسەین سەرەتای مانگی ١٩١٨/١٠، شەریف لەپێشەوە لەگەڵ سوپای ڕۆژهەڵاتی بەریتانی بە سەرکردایەتی جەنەڕاڵAllenby، هێزە عەرەبیە هاوپەیمانەکانی چوونە ناو دیمەشقەوە،ئەوجا ورتە ورت و باس و خوازی لەمەڕ سایکس پیکۆوە بەرگوێ کەوت. هەربۆیە دەستبەجێ خۆی ئامادە کرد،شاری میترۆپۆلی دیمەشق بکاتە پایەختی ئەو دەسەڵات و دەوڵەتەی خەون بە دامەزراندنییەوە دەبینرا.لە ١٩١٨/١٠/٥ خۆی کردە بەڕێوەبەری ئەنجومەن،هەروەکو حکوومەتێکی کاتی.

بە پێی ڕێکەوتنامەی سایکس پیکۆ، کە گفتی تێدا درابوو،سوریا بۆ فەرەنسا بێت،لە ١٩١٨/١٠/٢٢،بەریتانیا دەستی کرد بە کشانەوەلە سوریا و هێزە فەرەنسییەکان تا ١٩١٩/١١/١ و بەتەواوی جێگەیان پڕکردنەوە و تێیدا جێگیربوون. ئیدی لەمەودوا فەیسەڵ و بزاڤی ناسیۆنالیستی عەرەب،نەیان دەتوانی چی دیکە چاویان لە ئاست ڕاستیەکاندا بنووقێنن. بیر لەوە نەدەکرایەوە هێزە هاوپەیمانە بەریتانییەکان بە ڕوونی پابەندی ئەو ڕێکەوتننامەیە دەبن کە لەکاتی شەڕدا ئیمزا کرا بوو. تا دەهات ئەوە ئاشکرا دەبوو، کە هێزێکی ئەورووپای ڕۆژئاوا،جێی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی بگرێتەوە. نەک تەنیا لە سوریا، بەڵکو لە ناوچە عەرەبییەکانی دیکەشدا،لە عێراقەوە لە ڕۆژهەڵات تا میسر لە ناوەڕاست و مەغریب لە ڕۆژئاوا دانیشتوانەکە ڕابوون دژی فراوانبوون و قوڵبوونەوەی ستەم و ئەشکەنجەی

کۆلۆنیالیستی. بەریتانی و فەرەنسییەکان بەدەستی خوێناوی توانیان راپەرینەکانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان دامرکێننەوە.

بەڵام رۆژئاوا ئەو متمانەی پێی هەبوو بەتەواوی لەدەستی دا. لە ژێر کاریکەرێتی نائارامی دوای شۆڕش لە ئەوروپا و رۆژهەڵاتی ناوین، دەسەڵاتگرتنە دەست لە لایەن لینینەوە هەروەها ئۆڤەرە لە لایەن سەرۆکی ئەمریکا ویلسۆنەوە،بۆ بزاڤە دژە کۆلۆنییەکان، فۆرمی دەسەڵاتی کۆلۆنیالی بەریتانیا و فەرەنسای گۆڕی.رێگەیان دا، بە کۆمەڵەی گەلان، لە ١٩٢٠/٤/٢٠ دا لە سان ریمۆ San Remo ئەو ناوچانەی "مانداتی" خۆیان و مرخیان لێ خۆش کردبوو دابەش بکەن. دەسەڵاتی بێگانەی خۆیان بەو بیانووە دادەپۆشی، ئەو دەوڵەتانەی جێی گومان، بۆ پرسی" سەربەخۆیی" ئامادە بکەن. لە گۆڕانکارییەکی کەمی رێکەوتننامەی سایکس پیکۆدا، سوریای ئێستا لە فەلەستین دا و لوبنان و پاشماوەی سوریا،دابەش بکەن. لوبنان و پاشماوەی سوریا دران بە فەرەنسییەکان و فەلەستین و بەشی ڕۆژهەڵاتی عێراقی دراوسێ ،خرایە ژێر مانداتی بەریتانیاوە. لەم پێکهاتەیەدا جێگا بۆ فەیسەڵ نەما.لە ١٩٢٠/٧/٢٨ دا هێزەکانی فەرەنسی لە خوارووی دیمەشق بەزاند و هەڵات بەرەو ئیتالیا.

بەریتانیای هاوپەیمانی جارانی،خێرا کارێکی تری بۆ دۆزییەوە،و لە ١٩٢١/٨/٢١ تاجی پاشایەتی لە عێراق دا کرایە سەر. هەر لەهەمان کاتدا، عەبدوڵلای برایشان کردە، دەسەڵاتداری رۆژهەڵاتی ئەردەن. باوکیان شەریف حوسەین، بەپێچەوانەوە لە ١٩٢٤، لەبەردەم ئیبن سعود،دامەزرێنەری سعودی عەرەبی مۆدێرندا،چۆک دا بدات. لە کۆتاییدا دانانی فەیسەڵ لەسەر تەختی پاشایەتی، نیشانەیەک بوو بۆ ستراتیژی کۆلۆنیالی ئەوروپی.

سیستەمی ماندات رێگەی دا بە کۆمیسیۆنی باڵا،لەهەر یەکێ لە ناوچەکانی مانداتدا، لە بنچینەدا بە نێزیکەیی دەسەڵاتی ڕەهای هەبێت. لێ بەرخۆدانی دانیشتوانە ڕەسەنەکە، گەورە و خۆڕاگرانە بوو، خاوەن پلان و ڕاڤەکارییەکە دڵنیابوونیان، بەشی ئەوەی دەکرد، بۆ خستنە بەردەستی دۆست و هاوکارانی هاوپەیمانی لە ماندات. لە کاتێکدا بەریتانیای مەزن و فەرەنسا،لە درێژەی کاتدا رێگایەکی ناڕاستەخۆی زامنکردنی دەسەڵاتیان گرتە بەر، بەوەی ئەوان رژێمێکی داردەستی خۆیان دامەزرێنن. بەم شێوەیە پێش جەنگی جیهانی دووەم، وڵاتانی وەک میسر یاخود عێراق بە ڕووکەش/ فۆرمال سەربەخۆییان بەدەست هێنا، بەڵام سەرەتا و لە ڕاستیدا بە شێوەیەکی کردەکی ـ هەروەک زۆری ئەوانی تر ـ زۆر درەنگتر.

***ئیسلامیزم یاخود ناسیۆنالیزم***

لە کاتێکدا خودی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، ـ بە هەندێک هەڵاوردکردن،وەک ئەوەی لە جەزائیر لە دژی هەوڵی پێوەلکاندنی بە فەرەنساوە لەسەدەی ١٩ دا- سەرەتا دژی ئەوروپا نەبوو،بەڵکو زیاتر بەرەنگاری سەرپەرشتی/ وسایە عوسمانییەکان بوو.کاریگەرێتی خاوەن نفوزەکانی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست،زۆر کاری کردە سەر بیریارە ئیسلامییەکانی سەردەمی خۆیان و بۆ پەرچەکرداری زیاتر توند دەوڵەتی عوسمانی ساڵانێکی زۆر ئەمانی وەک قەڵایەکی دەهاتە هەژماردن بۆ باڵادەستی بیروباوەڕی خۆی بەکار هێناوە.کەچی ئێستا بۆیان دەرکەوت لەسەدەی ١٩ دا بەرامبەر بە ڕۆژئاوا لە ڕووی ئابووری،تەکنەلۆژی،سەربازی و زانستییەوە بە ئاشکرا بەرەودواوە پاشەکشە دەکەن.زۆر لە بیریانە ئەم گۆڕانکایەیان بەوە لێک دەدایەوە،کە لە ڕەگ و و ڕیشەی باوەڕی ئیسلام لادراوە و بیروڕای دوژمن بە ئیسلام لە ئایدۆلۆژی و سیستەمی ترەوە وەرگیراوە.

لەئەنجامگیریی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەد لەوەدایە، بگیڕێنەوە بۆ بنەڕەتەکانی ئیسلام کە لەڕاستیدا ئەمەش شتێکی نوێ نەبوو. بیروڕای لەم چەشنە سەدان ساڵە هەیە. لەسەدەی ١٨ دا ڕێکخراوە چڕوپڕەکانی/ (خاوەن جەماوەر،وەرگێڕ) وەهابییەکان و دەستپێکی سەدەی ١٩ برادەرانی موسڵمان کە خەڵکی جەزائیر حاج محەمەد ئا ـ سەنووسی ساڵی ١٨٣٧ لەمەککە دایمەزراند،ئیدی لەو کاتەوە ئیسلام لە لیبیا شەقڵی پێوەگرت.هەردوو ڕێکخراوەکە،داوای گەڕانەوەیان بۆ پێڕەوکردنی ئیسلام وەک سەردەمی پێغەمبەر و هەر چوار خەلیفە کەی سەرەتا کە ئەمانە بە پێشڕەوانی سەلەفییەکانی ئیمڕۆ دادەنرێن.

زانایەکی وەک جەمالەدینی ئەفغانی ١٨٣٨/١٨٣٩ ـ ١٨٩٧،و محەمەد عەبدو ١٨٤٩ـ١٩٠٥،لەسەر ئەم زەمینە و بنچینەیە بینای خۆیان کردووە. لەبری ئەوەی بێ ڕەخنەی بەردەوام دووبارەکردنەوە و لاسایی‌کردنەوە شتە باوەکان،داوایان دەکرد لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی نوێ بە عەقڵ بۆ تێکستە پیرۆزەکان بکرێ. بەم شێوەیە قورساییان خستە سەر سەردەمی جارانی ئیسلام ،لەگەڵ ئیمڕۆی سەلەفییەکاندا، کە پێداگریی لە سەر بەکارهێنانی وشە بە وشەی نەریتە کۆنەکان دەکەن. لە شوێنی برینەکانی ئیسلامی ریفۆرم و ڕادیکالە سەلەفییەکان ڕەشید ڕەزا ١٨٦٥ ـ١٩٣٥،لە ڕێگای ئەزموونی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاوایی و گەیشتە ئەو باوەڕەی کە تەنیا سیستەمێکی سیاسی ئیسلامی دەتوانێ کێشەی موسڵمانەکان چارەسەر بکات.

بەم تێزە ڕێگای تەخت کرد بۆ (ئیسلامی سیاسی)یاخود ئیسلامیزم.ئیلهام وەرگرتن لە ڕەزاوە هەمیشە سەرکەوتووبوون لە قەناعەت پێهێنانی ئیسلامی چالاکدا کە دامەزراندنی (یاسایەکی ڕێکوپێکی ئیسلامی دادپەروەر)،خەونێکی دوور نییە،بەڵکو ئەرکێکی سیاسییە بۆ ئێرە و ئێستا. ئا بەم شێوەیە بوو کە مامۆستای سەرەتایی میسری حەسەن بەنا ،قەناعەتی هێنا کە ئیسلام چارەسەری هەموو پرسەکانی ئەم دنیا و ئەو دنیایی لە خۆگرتووە. کاتێ ئەو لە ١٩٢٨ دا لە میسر برادەرانی موسڵمانی وەک یەکەم و و تا ئێستا گرنگترین ڕێکخراو دامەزراند، بەننا لە ڕێگەی ژیانی خۆیەوە لە ئیسماعیلییە،ڕۆژانە ئەزموونی لەگەڵ دەسەڵاتی کۆلۆنیالی بەریتانیا دەکەوتە ژێر کاریگەرێتییەوە. سەرباری ئەو هەستە توندوتیژەی ئەنتی ڕۆژئاوا و ئەنتی کۆلۆنیالیزم،ئیسلامی ئیسلام، لێ ئەوە ناسیۆنالیزمی عەرەبی بوو لە دەیەکان و داهاتووشدا دەیتوانی چوارچێوەی ئایدۆلۆژی خەباتی دژە کۆلۆنیالیستی نەخش بکات. دەرئەنجام ؛لەم واقیعییەتەوە ئەوە دروست بوو،کە دەسەڵاتی کۆلۆنیالی لە میراتی عەرەبی دەسەڵاتی عوسمانی ـ وەک بناغەیەکی دڵڕەقانە نائاسایی ـ سنووری دەوڵەتی نوێیان کێشا.

ئەم سنوورانە کاریگەرێتی سەرەتا و پێش هەر شترێ بۆ مانداتی کۆنکرێتی بەرچاوەکان ،پرۆتەکتۆرات/پارێزراوەکان یاخود شێوەکانی دیکەی ناوچە سەربەخۆکان. ئەگەرچی خەونی پان عەرەبی دەوڵەتێکی سەربەخۆی هاوبەشی عەرەبی هەرمابوو،لەم دیدی ئەم هەسارەیەوە ناسیۆنالیزمی میسری،سوری و جەزائیری دروست بوو.هاوکات دەستەبژێری ناوخۆییەکان بەهێزدەبوون،ئەوانەی بەهاوکاری دەسەڵاتە کۆلۆنیالیەکان دەسەڵاتی خۆیان دامەزراند بوو کە نەیان دەویست چیدی دیکە بە سوودی پان عەرەبیزم خۆیان بدەن بەدەستەوە. بە کورتییەکەی دەکرێ ئەوە بڵێین لێرەدا دوو گۆڕانکاری بنەڕەتی نوێ لە جیهانی عەرەبی دا دەرکەوت لە نێوان جەنگە جیهانییەکان دا.

١ـ بەرزبوونەوە و دەرکەوتنی ڕۆژئاوا لە شێوە بەناوبانگەکەیدا دەسەڵاتی کۆلۆنیالی بە دوژمنی سەرەکی.

٢ ـ خەباتی بزاڤی ناسیۆنالیستی عەرەبی و خۆی لە بارێکدا نەدییەوە ـ بێ گوێدانە ئەو هەموو گفتوسوێنەی بەیەکتریان دابوو ـ لە ناو دەوڵەتێکی تێکڕاییدا،واتە لە کۆنتێکسی/سیاقی پان عەرەبیزم دا،بەڵکو لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە نەتەوەییانەی،کە دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی سنووری بۆ کێشان.

***ئەنتی زایۆنیزم وەک دروستکەری ناسنامە***

ڕاگەیاندنی بەلفۆری ساڵی ١٩١٧،بۆ ئەو ڕێکخراوەی ١٨٩٧ لە بازل دروست کرابوو،"ڕێکخراوی زانیۆنیزمی جیهانی" سەرکەوتنێکی گەورە بوو. ڕاگەیاندراوەکە پشتیوانی ناوەڕۆکی سەرەکی پرۆژەکەیان دەکات،کە بریتییە لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی جولەکە لە فەلەستین.ئەم سەرکەوتنە ماوەیەکی زۆر نادیار بوو: لە رووی سیاسییەوە ئەم ناوچەیە فەلەستین تا ١٩١٧ سەر بەدەوڵەتی عوسمانی بوو،کە دژی بەم داوخوازییەی زایۆنیزم وەستایەوە. تا سەرهەڵدانی جەنگی جیهانی یەکەم،لە پایتەختەکانی وڵاتە ئەوروپاییەکان،بە گرنگییەکی کەمەوە تەماشا دەکرا،لای جولەکەکانی ئەورووپای رۆژهەڵات،کە لەژێر باری چەوساندنەوە دا دەیانناڵاند،دەنگدانەوەیەکی دیاریکراویان بەرگوێ دەکەوتەوە،لێ جولەکەکانی ناوەڕاست و رۆژئاوای ئەوروپا،لە پێشڕا چاودێری ئەم بزاڤەیان بێ هیچ بایەخدانێک دەکرد.

ڕازی بوونی حکومەتی بەریتانیا لەسەر ئامانجی "ڕێکخراوی زایۆنیزمی جیهان"،لە گەوهەردا دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار. یەکەم، بۆ بزواندنی بەرفراوانبوونی ئەو جەنگە ناشیاوە بوو،کە حکومەتی بەریتانیا لە ١٩١٦ وە هەوڵی بەهێزی دەدا،ئەمەریکا،بۆ لای بەرەی هاوپەیمانان ڕاکێشێتە ناوە جەنگەوە.ڕاگەیاندنی بەلفۆر دەبوو فەرمان بدات بە جڤاتی بەهێزی جولەکە لە ئەمەریکا، بە سەنگی سیاسی خۆی،بکەوێتە گەڕ بۆ هێنانەدی ئەم خواستەی بەریتانیا. لە لایەکی دیکەوە و بەر لەهەموو شتێک ڕاگەیاندراوەکە بەڵام لەبەر ئەوە بوو، پایەداری رۆژهەڵاتی نێوینی ستراتیژی بەدیار بخات. وەک گرێدانێکی گیۆگرافی لە نێوان بەرفرانبوونی داگیرکاری ئیمپراتۆرییەتەکەیان تا هیندستان و چاڵە نەوتەکان ،کە لە سەرەتای دەستپێکردنی سەدەی بیستەمەوە بەردەوام بایەخی زیاتر دەبێت و لەبەر ئەمەو پێشتریش ساڵی لەوەوبەر لەگەڵ فەرەنسادا، لە ڕێکەوتننامەی سایکس پیکۆدا،لەسەر دابەشکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوین،دوای سەرکەوتن بەسەر عوسمانییەکان دا ڕێک کەوتبوون.

ئا لە میانەدا بزاڤی زایۆنیزم هەڵسەنگاندنی ستراتیژی نوێی پێشکەش کرد. ئیدی دەیانزانی لەمەوپاش پێویستە وەک "هاوپەیمانێکی سروشتی" هاوکاری هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیادا بکەن. دانیشتوانی عەرەبی موسوڵمانی زۆرینەی ژێر دەسەڵاتی ماندانی بەریتانی لە فەلەستین، هەر لەسەرەتاوە لەوە دەترسان پێشخستن و پشتیوانی کردنی یەک لایەنەی جولەکە هاونشینەکانیان لە ڕێگەی دەسەڵاتی ماندانەوە. ترس و نگەرانییەکە لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٠ وە بە دوو گۆڕانگاری بەهێز بووە: یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی ماندات،خاکی دەوڵەتی عوسمانی جارانی بەخشندانە دا بە جولەکە نیشتەجێکراوەکان، یاخود هەرزانفرۆشی کرد. بەم شێوەیە، بەم هۆیەوە دەرفەتی زەوی شیاو بۆ کشتوکاڵ،بۆ جوتیارە بچکۆلەکان و- بەکرێگرتە عەرەبەکان کەمبۆوە. دووەم لە ئەکامی سەرکەوتنی سۆسیالیستە ناسیۆنالستەکان و دەسەڵات گرتنە دەست لە ئەڵمانیادا،ژمارەی ئەو جولەکانەی زیاد کرد، کە دەگەڕانەوە بۆ ئیسرائیل.لە نێوان ١٩٣٣ ـ١٩٣٩ دا بە فەرمی ١٧٦٠٠٠ هەزار جولەکە بۆ فەلەستین ،٥٠٠٠٠٠ هەزاریان لە ئەڵمانیاوە. بەم شێوەیە ئاوێتەبوونی خەڵکەکە لە ناوچەی ماندات بە سوودی عەرەب هەڵنەسوڕا.ساڵی ١٩٢٢ ڕێژەکە ٩٠% بوو، لەکاتێکدا ساڵی ١٩٣٦ بووە ٧٠%.

بەپێی ئەم گۆڕانکارییە، حاج ئەمین ئەل حوسەینی،گەورە موفتی ئورشەلیم/ قودس، رادیکالترین سەرکردەی دژە زایۆنی بوو لە فەلەستین. ئەو شەڕی نێوان عەرەب و جولەکەی بە شەڕێکی ئاینی دادەنا،

و توانی وا بکات لە نێوان ساڵانی جەنگی جیهانی دا، کاریگەریی پێوەندییەکی نائاسایی لەنێوان ئیسلامی و ناسیونالەکان دا ساز بدات. لە پێشینەی ساڵی ١٩٢٠ دا ڕووبەڕووبوونەوەی خوێناوی و پەلاماری جولەکە هاوردەکان و هێزە سەربازی سڤیلەکانی بەریتانی دەستی پێکرد. لە نۆڤەمبەری ١٩٣٥ دا ئەل حوسەینی داوای لە دەسەڵاتی ماندات بەریتانی و کۆچبەرانی جولەکە کرد،ڕیگری بکرێ لە فرۆشتنی زەوی بە جولەکە هاوردەکان. ناوەڕاستی ئەپریلی ١٩٣٦،داواخوازی بۆ سەربەخۆیی نەتەوەیی خستە سەر داواکانی و لە ٤/١٩ دا، بانگەوازی شەش مانگ مانگرتنی گشتی دا.

ئامادەکردنی جلوبەرگی مانگرتووەکان، "کۆمیتەی باڵای عەرەبی"بە سەرۆکایەتی ئەل حوسەینی لە ئەستۆ گرت لە ئاکامدا مانگرتنەکە بووە ڕاپەڕین و هێزە عەرەبییەکان پەلاماری دامەزراوەکانی بەریتانیا و جولەکەیان دا، هێزەکانی ئاسایش و هێزە پاراسەربازییەکانی جولەکە پەلاماریان دانەوە. لە ١٩٣٦/٧/٣٠ دا بەریتانییەکان مافی شەڕیان ڕاگەیاند. ڕاپەڕیوەکان دەستگیر دەکران و هەندێکیان لە سێدارەش دەدران و دەست بەسەر موڵک وماڵیان دا دەگیرا،یاخود تێکوپێک دەدرا. کاتێ کۆمەڵێ هەوڵ و تەقەڵای میانگیریی شکستخوارد، لەناوەڕاستی ١٩٣٧ دا ڕاپەڕین جارێکی تر تەقیەوە.لە سیپتەمبەری ١٩٣٧ دا دەسەڵاتی ماندات، "کۆمیتەی باڵای عەرەبی" قەدەغە کرد و ئەل حوسەینی هەڵات بۆ لوبنان. سەرباری ئەوەش ڕاپەڕینەکان بەردەوام بوون. ئەگەرچی ٢٠٠٠٠ هەزار سەربازی و ١٥٠٠٠ هەزار پاراسەربازی هێز لە کاردا بوو، ڕووداوەکان هەتا پاییزی ١٩٣٨ی خایاند ،هێزەکانی دەسەڵاتی ماندات/ بەریتانیا کۆنترۆڵی ناوچەکە بکەنەوە. سیاسەتی فەلەستینی بەریتانیا و ڕاپەڕینی عەرەبی، سەرجەم بزاڤی سەربەخۆییخوازی عەرەبیان ڕادیکاڵ کرد. نەتەوەی عەرەبی تازە خەمڵیو،کە تازە بەتازە،ئاڵایەکی دانابوو بە سیمبۆلی لە خۆتێگەیشتنی خۆی، پشتیوانی لە عەرەبی فەلەستینی و لە ڕەتکردنەوەی پرۆژەی دەوڵەتی زایۆنیستی،خاڵێکی بنچینەیەکی هاوبەشییان بینییەوە. چەند هێڵکاریی گشتی و گفتوگۆی پرۆژەی دەوڵەتێکی هاوبەشی عەرەبی بێبەر زیادی دەکرد، هێندە کاریگەرێتی دروشم و سیمبۆلەکان، بە هێزەوە گەشەیان دەسەند و پیشان دەدران. لە نێوانیاندا دژەزایۆنیزم،بەهێزترین دروشم بوو.

## *جەنگی دووەمی جیهانی وەک دوڕیان*

بۆ دواجار نەک بەهۆی نرخی ئێچوو/ خەرجی و ژمارەی دیاکراوی کەسانی یەدەگەوە دەسەڵاتی کۆلۆنی بەریتانی لە دوای کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەمەوە لەزۆر ناوچەی ژێر قەڵەمڕەوی خۆی دا، بەلایەوە حوکمڕانییەکی ناڕاستەوخۆی بە چاک زانیوە و پشتگیریی لێ کردوە. کە دەسەڵاتەکەی بەئاستەمیش بەرتەسک نەکاتەوە. بەڵام دەستەبژێری ناسەربەخۆی خۆماڵی، وەک قەڵغانێ بەرامبەر قەبارەی دانیشتوانی چەوساوە بخاتەگەڕ. ئەم نوخبەیە، حەزی بە کاریگەرێتی بەردەوامی نفوزی دەرەکی هەبوو و لەبەرئەوە دیسان ئامادەبوو ڕازی بێت، بە جۆرەها سیناریۆی ڕووکەشی ڕووتی سەربەخۆیی. هەرچەند مامەڵەی شەڕی جیهانی دووەم، بەشێکی زۆری باکوری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوینی داخ لەدڵ کردبوو، کاریگەرێتی درێژخایەنی شەڕ، بەتایبەتی لەمەسەلەی لاوازبوونی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیدا.

بەریتانیای مەزن و فەرەنسا دوای ١٩٤٥ خۆیان سەرقاڵی گرنگترین ئابووریی و کۆلۆنیالە ستراتیژییە گرنگەکانی کرد، سەردەمی کۆلۆنیالی ئیتالی لە لیبیا لە ١٩٤٧ دا بە دۆڕاندن بەرامبەر بە بەریتانیا کۆتایی هات. بەم شیوەیە ٦ وڵات بەشیوەیەکی فۆرمێل/ڕووکەشی سەربەخۆبوون.(میسر،عێراق، ڕۆژئاوای ئەردەن، لوبنان، عەرەبی سعودی و سوریا). لە ١٩٤٥/٣/٢٢ دا لە قاهیرە وڵاتە عەرەبییەکان یاخود کۆمکاری عەرەبییان دروست کرد،یەمەن لە مانگی ١٩٤٥/٥ دا بووە ئەندام.

پەیماننامەی کۆمکارەکە بریتی بوو لە ڕێکەوتنێکی "ڕاوێژپێکردن و دۆستایەتی"کە ڕێزی دەگرت لە سەروەری یەک بە یەکی دەوڵەتە سەربەخۆکان. بەمەش جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە لەسەر ئاقاری گەشەسەندنی هەردوو دەیەی ڕابووردوو بۆ دەوڵەتێکی هەمەڕەنگی عەرەبی. دەرئەنجام لە پەراوێزی ئامانجێکی دووردا ئاماژە بە دەوڵەتێکی عەرەبی یەکگرتوودا درا. جارێکی تریش کێشەی فەلەستین،کە بە هێز و تواناوە لە خەمی تەبایی و یەکگرتوویی ناوخۆیدا بوو،کە بەهیچ شێوەیەک ئامانجێکی شاراوەی دامەزراندنی کۆمکار،ڕیگریی لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسرائیلی لەسەر خاکی ناوچەی ماندانی بەریتانی فەلەستین بکات.

دوای ئەوەی بەریتانییەکان پاش جەنگ ڕاستەوخۆ ،سەرەتا هەوڵیان دا،بەرپرسیارێتی بدەنە دەست ئەمەریکا ئەوەیان نەکردوو دایانە دەست UNO،کە ١٩٤٥ وەک درێژەپێدەرێکی ڕێکخراوی کۆمەڵەی گەلان هاتە کایەوە.لە ٢٩ی نۆڤەمبەری ١٩٤٧ دا لە کۆبوونەوەی گشتی یونۆدا بڕیاری ١٨١ وەک پلانێک بۆ فەلەستین دەرکرد،فەلەستین بکرێتە دوو بەش، دەوڵەتێکی جولەکە و دەوڵەتێکی عەرەبی. ناوچەی ئورشەلیم بخرێتە ژێر کۆنترۆڵی نێونەتەوەییەوە.لەکاتێکدا زۆرینەی دانیشتوانی جولەکە ئەم پلانەیان پەسەند کرد،لایەنی عەرەبی بە توندی ئەمەی رەتکردەوە. بەسەرئەوەدا لە ١٤،٥،١٩٤٨ دا ئیسرائیل دەوڵەتی خۆی دامەزراند بە سەرۆکایەتی یەکەمین سەرەک وەزیران داڤید بین گۆریۆن David Ben Gurion وەک واقعێتێکی بەرجەستەبوو. کۆمکاری عەرەبی رۆژێ دواتر شەڕی بە دژێ ئەم دەوڵەتە ڕاگەیان. ڕاستەوخۆ دوای ئەوە هێزەکانی میسری و ئەردەنی و لوبنانی و ئێراقی پەلاماری ئیسرائیلیان دا.

هەڵسوکەوتی ناڕێکوپێکیان،بەرژەوەندییەکانیان، بەرامبەر بە خۆیان،لە داگیرکردنی فەلەستین دا و لە ڕێیەوە ڕێگریی لە گەشەی دەسەڵات بکات،هەروەها بونیاتی کۆنی سەربازەکانیان ،بە خێرایی هێرشەکەی لێ پوچەڵ کردنەوە. لە ١٩٤٨/٦/١ دا بە گوشاری یونۆ ڕێکەوتننامەی ئاگربەست کرا. ئەم ئاگربەستە بەتایبەتی ئیسرائیلیەکان توانییان سوود لێوەرگرن. بۆ ئەوەی بۆ خولێکی تری شەڕ باشتر خۆیان ئامادە بکەن ئەوەبوو هەر لە رۆژەکانی سەرەتای شەڕی رۆژهەلاتی ناویندا هیزەکانی ئیسرائیل بە شێوەیەکی ڕیکوپێکتر و چەکدارتر خۆیان نیشان دا.هەروەها بۆ دەوڵەتە نوێیەکە باش بوو ،کە ئەو سەرباری ئابڵوقەی چەک کرین لەلایەم نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لایەنە شەڕکەرەکان،،بە ڕەزامەندیی شورەوی لەسەر چەک لە بەشێکی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی سەر بە شورەوی بتوانن بکڕن.لە نێوان مانگی دەی ١٩٤٨ و مانگی یەکی ١٩٤٩ دا، کۆمەڵێ هێرش و پەلاماری ئیسرائیلی بۆ تێکشکاندن وتەفروتوناکردنی هێرشبەرە عەرەبەکان.

لە ١٩٤٩ /٢/٢٤ پەیمانی ئاگربەستی بەست،کە دواتر تا مانگی ٦ وڵاتە عەرەبییەکانی تریش بەدوایدا کردیان.بەم شێوەیە ئیسرائیل توانی ناوچەیەکی فراوان کۆنترۆڵ بکات،زیاتر لەوەی کە بە پێی پلانی دابەشکردنی یونۆی ١٩٤٧ گفتی پێدرا بوو. لە ئاکامی گفتوگۆی ئاگربەستن بە سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کەرتی رۆژئاوا بۆ ئەردەن و رۆژئاوای غەزەبۆ میسر دابەشکرا. لایەنی عەرەبی ئەم سنووره نوێیەی پەسەند نەکرد،بەلاّم ئەمەریکا و فەرەنسا و بەریتانیای مەزن وەک هێزی گەرەنتی بە قازانجی ئیسرائیل هاتنە پێشەوە ،یادەوەری یەکەم شەڕی رۆژهەڵاتی نێوین، لای لایەنە شەڕکەرەکان بایەخێکی زۆر پێچەوانەیی هەیە. لە کاتێکدا جیهانی عەرەبی دامەزرێنەرانی دەوڵەتی ئیسرائیلی خەریکی دەرپەڕاندنی بەشێکی زۆری دانیشتوانە فەلەستینی بوون و دۆڕاندنەکەیان لە شەڕدا ناونا نەکبە کارەسات،چەک رەوانەی ئیسرائیل دەکرا بۆ شەڕی سەربەخۆیی.

سەرئەنجامی یەکەم شەڕی ڕۆژهەڵاتی ناوین،دامەزراندنی بزووتنەوەی سەربەخۆخوازی عەرەبی توند کردەوە. ئەویش بە پابەندیی یەکلایەنەی پشتیوانی کردن لە سیاسەتی ئیسرائیل وای کرد هێزە دەسەلاتدارەکانی ڕۆژئاوا،بوە هۆی ئەوەی خەستبوونەوەی شەڕ لە دژی هێزە کۆلۆنییەلییەکان بەریتانیای مەزن و فەرەنسا . کارەساتی شکستهێنانی دەستەبژێری ناوخۆ لە شەڕی ڕۆژهەلاتی ناویندا ڕەوایەتی لەناوبردن. وەک دەستی درێژی بێتوانای هێزە کۆلۆنیالییەکان و ئێستا هی ئیسرائیلیش تەماشا دەکران و لە دەرئەنجامدا وەک دوژمنی بزاڤی رزگاریخوازی ناسران.

***لە فۆرمالەوە بۆ ریالە سەربەخۆیی***

لە ١٩٥٢/٧/٢٣ دا،گروپێک "ئەفسەری ئازادیخواز" پاشا فاروقی سەر بە بەرتانیان لە قاهیرە ڕووخاند و خولێکی نوێ شەڕی عەرەبیان بۆ سەربەخۆیی نەتەوەیی بەرپا کرد. هەروەها لەوەبەدواوە لە گەلێ وڵاتی تری عەرەبیش نوێنەری چینەکانی ناوەڕاستهەمان شتیان دروستکرد ، بە شێوەیەکی سەرەکی سوپا، کە بڕبڕەی پشتی بزاڤی رزگاریخوازی و رژێمی کۆماری لێ پێک هاتبوو. ئەفسەر جەمال عەبدولناسر دامەزرێنەری "ئەفسەرە ئازیخوازەکان" و "پیاوی بەهێزی"نوێی میسر،لە ١٩٥٤ دا هێزەکانی بەریتانیای ناچار بە کشانەوە لە ناوچەی کەناڵی سویس کرد و لە ١٩٥٦/٧/٢٦ دا کۆمپانیای کەناڵی سویس کە لەلایەن بەریتانیا و فەرەنساوە بەڕیوە دەبرا خۆماڵی کرد،کە سیمبۆڵی هەژموونی ڕۆژئاوا بوو لە میسر.

لە هەوڵێکی سەرنەکەووتوانەدا، بۆ لەدەست نەدانی داهات، وەک هەڵسوڕێنەر و دەستبەسەرداگرتنن هێڵی گوێزانەوەی ستراتیژی گرنگ لە ڕێگای ئاوەوە، لە دەریای ناوەڕاستەوە بەسەر دەریای سووردا، هەتا ئۆقیانووسی هیندی، لە ١٩٥٦/١٠/٣١ دا هێزەکانی بەریتانی و فەرەنسی کەناڵی سویسیان داگیرکرد. دوو ڕۆژ پێشتر ئیسرائیل بە ئاگاداری لەندەن و پاریس لە لای خۆیەوە پەلاماری میسری دا(تەنگژەی سویس). ئیسرائیل لەماوەی چەند ڕۆژێکدا نیوەدورگەی سینای داگیرکرد، هەروەها ڕۆژهەلاتی غەزا پێویست بوو خۆی بەڵام - هەروەک بەریتانیا و فەرەنسا - بکشێنەوە کاتێ شورەوی هەڕەشەی کرد و بەنیازبوو بە لایەنگریکردنی سوپای میسر پەلامار دەدات، هەروەها ئەمەریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان ڤیتۆیان لەدژی ئەو پێشێلکارییە نیشان دا. لە سەرکەوتنێکی سەرەتا کورتخایەنی ئیسرائیل و هێزە کۆلۆنیالە ئەوروپاییەکانەوە بووە سەرکەوتنێکی درێژخایەنی سیاسی میسر. کە توانی دەسەڵاتی کۆلۆنیالی کۆن بەریتانیا لە وڵات دەرپەڕێنێ و کەناڵی سویس بخاتەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. لە بەراییەوە سنوری ئیسرائیل و میسر لە لایەن پۆلیسی یۆنۆوە زامن کرا.دوای ١٩٤٨ شەڕی تری ڕۆژهەلاتی ناوین وەرچەرخانێکی لە کاتی ناوچەکەدا نەخش کرد.

سەردەمی کۆلۆنیالی تەقلیدی/ کلاسیکی کۆتایی پێهات، هێزە نوێیەکانی ناوچەکە هێزی باوەڕبەخۆی ناسیونالیستی عەرەبی و هەروەها دژەکانی زلهێزەکانی ئەمەریکا و شورەوی بوون. تازە "شەڕی سارد"ەکەیان بەشێکی گەوهەری چارەنووسی دیاری دەکات، هەر یەک لە حکومەتەکانی ناچار کرد، بالانسی هاوسەنگی لە نێوان بەرەکان و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا هەروەها بۆ لایەنگری. لە ڕێگەی کەمپی پەروەردە و فێربوونەوە پرۆسەی کۆتایی ئیمپریالیزم بە توندی کاری لەسەر کرا. ساڵی ١٩٥٥ بۆ نموونە عێراق بووە چەقی ئەنتی کۆمۆنیستی لە ڕێگەی هاوپەیمانێتییەکی سەربازیەوە(پەیمانی بەغدا: بەریتانیای مەزن، عیراق، پاکستان، تورکیا و هەروەها ئەمەریکا وەک چاودێر) دەستنیشان کرا لە کاتێکدا شورەوی بووە پشتیوانی بزوتنەوە رزگاریخوازە عەرەبییەکان.دوای گۆڕینی حوکم لە ١٩٥٨ دا عێراق دا ڕووی لەوێش کرد..(واتە دوای شۆڕشەکەی قاسم رووسیا بووە پشتیوانی عێراقیش: هەڵۆ)

بەهۆی دەنگدان بە قازانجی میسر،لە هەرای سویس دا لە شەڕی دووەمی ڕۆژهەڵاتی ناویندا،ئەمەریکا بۆی ڕەخسا هاوپەیمانێتی جەنگی جیهانی بەریتانیا و فەرەنسا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک هێزی سەرەکی رۆژئاوا هەڵوەشێنێتەوە. وەلێ هەر لەو ساتەدا،کێشەی سویس لە ئیدارەی ئەمەریکادا،دەرگای لەسەر تێڕوانینێکی نوێ سەبارەت بە بارودۆخی هەرای ڕۆژهەڵاتی ناوین خستە سەر پشت. لەدوای هەوڵ لە پێناوی سەربەخۆیی نەتەوەییدا ،ئیدی هەموو پێیان وابوو، ئەوە بەردەوام "دەستی درێژی مۆسکۆ" یە، کە مەودای جموجوڵی سیاسی ئەمەریکای بەرتەسک دەکردەوە و زۆر لەسەرکردە عەرەبەکان لەم ئانوساتەدا هەوڵیان دەدا، سەر بە بلۆکی رۆژهەڵات بن. شتێکی ڕوون و ئاشکرا و دیار بەتایبەتی لەم میانەیەدا"بیروباوەڕی ئایزەنهاوەر"،بە ڕاگەیاندنەکانی سەرۆکی پێشووی ئەمەریکاوە Dwight D. Eisenhower ١٩٥٣-١٩٦١ حوکمی کرد لە ١٩٥٧/١/٥ دا وتی وڵاتەکەی لە هەر شوێن بێت بە هەموو شێوازێک (هەروەها چەکی ناوکی) پشتیوانی و پارێزگاری دەکات، لە حکومەتەکانی سەر بەرۆژئاوا بەرامبەر بە هاتنە ناوەوە یان دزەکردنی کۆمۆنیزم، یان هەر هەڕەشەیەک لەلایەن شورەوییەوە.

بیروباوەڕەکان دوو جار بە زەقی جەختی لەسەر کرایەوە: لە ئاپریلی ١٩٥٧ دا، کاتی کەشتییەکی ئەمەریکی پاشا حوسەینی یەکەمی ئەردەنی لە ئۆپۆزیسیۆنەکان پاراست و لە هەرای لوبنان لە ١٩٥٨ دا کاتێ هێزەکانی ئەمەریکا ڕیگرییان لە رووخانی رژێمە کریستییەکەی کامیل شمعونی سەر بە رۆژئاوا گرت. لە ئاکامی کاریگەرێتی بنەما شەڕەنگێزیی و ئاکامە پێچەوانەکانی بنەماکانی بوە هۆی ئەوەی ئایزەنهاوەر لە ساڵی ١٩٥٩ دا ،بەبۆنەی سەردانێکی سەرەکوەزیرانی پێشووی شورەوی Nikita Chruschtschow ئەو بڕیار و بنەمایانە بە قازانجی پێکەوە ژیانی هەردوو زلهێزی بلۆک واز لێبهێنێت. لە فۆرمی گۆڕاودا شەڕی ساردا شانی بەرەو پێشچوونەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین تا کۆتاییەکەی لە سەرەتای ١٩٩٠ دا بەردەوام بوو. لە ساڵانی داواتردا سەرکەوتنی میسر، بووە سەرچاوەی ئیلهام و باڵی کێشا بەسەر بزاڤی نەتەوەیی عەرەبیدا،لە هەوڵاکانیاندا بۆ سەروەرێتی تەواوەتی .بەدوای ئەودا لە ١٩٥٨/٧/١٤ دا " ئەفسەرە ئازادیخوازەکان" لە ئێراق هاوشێوەی نموونەی سەرۆکی میسری ئایدیا، حومەتی پاشایەتی سەر بە رۆژئاوایان خست و کۆماریان ڕاگەیاند و لەشکری بەریتانیان لە وڵات کردە دەرەوە. لە باکوری ئەفریقا لیبییەکان لە ١٩٥١ دا سەربەخۆییان بەدەست هێنا، بەداویاندا لە ١٩٥٦ تونس و مەغریب.

لە جەزائیر دووساڵ بوو هەڵچوون و ناڕەزایی هەبوو، کە بە درێژترین و خوێناویترین شەڕی ناوخۆ و کۆلۆنیالی دادەنرێ لە جیهانی عەرەبیدا، تا توانی لە پاش هەشت ساڵ لە مارتی ١٩٦٢ دا بە سەربەخۆیی بگات. فەرەنسا جەزائیری وەک ناوچەیەکی کۆلۆنی و لە ئاکامدا وەک بەشێک لە" نیشتمانی دایک" دادەنا. لە نیوەدورگەی عەرەبی سعودیی،لە دروستبوونیەوە و لە ١٩٣٢وە سەربەخۆ بوو لەو دۆمینە/Domains بەریتانییەی ئەوێ ، لە سەرەتا کویت ١٩٦١، لەکاتی ڕاگەیاندنی سەربەخۆییدا ، ئیماراتی یەکرتووی عەرەبی لە ١٩٧١/١٢/٢ دروست کرد. وەک خاڵی کۆتایی دانا، لەژێر ناوی پایتەختی مێژووی کۆلۆنیالیستی ئەوروپی، لە رۆژهەلاتی ناوین.

***نەوت وەک "ماددەیەکی کاریگەریی" مێژوویی***

لە سەرەتای ١٩٧٠ وە ئاماژەی کۆتایی وابەستەیی و پاشکۆیەتی دەرکەوت،کە لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە چارەنووسی ناوچەکەی بە شێوەکی بەرچاو دیاری کرد بوو نەخش کردبوو: چەوساندنەوە و ڕووتاندنەوەی وڵاتان لە ڕێگەی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی نەوتی بێگانەوە.دوای ئەوەی لە ١٩٠٨ دا

خوارووی رۆژئاوای وڵاتی فارسەکان(ئێمڕۆ ئێران) بۆ یەکەمجار نەوت لە رۆژهەڵاتی ناوین دۆزرایەوە، کێبەرکێی جیهانی بۆ کۆنترۆل کردنی دەستی پێکرد. جەنگی جیهانی و کێشە و هەراکانی دوای جەنگ بۆ ماوەیەکی کورت پێشبڕێکەی ڕاگرت. لەگەڵ دۆزینەوەی بڕێکی زۆری نەوت،کەمێک پێش جەنگی جیهانی دووەم، لە نیوە دورگەی عەرەبی، ناوچەکە بەتەواوی بووە ناوچەی زیاترین قازانجی گرنگترین سەرچاوەی کەلوپەلی بنەڕەتی سەدەی بیستەم. دوای جەنگی جیهانی دووەم، خاوەن کۆمپانیا گەورە گرنگەکانی نێودەوڵەتی، ناوچەکەیان لە نێوان خۆیاندا دابەشکرد. لە پێچەوانەبوونەوەیەکی بارودۆخی سیاسی دا، سەرەتا بەریتانیا هەژموونی گرت، دواتر خاوەن کارخانە ئەمەریکییەکان،بەڵام بەردەوام ناکۆکی لەگەڵ فەرەنسا ، هۆڵەندە و ئیتالیا هەبوو. یەکگرتن لە یەک خاڵ دا بوو: ڕێگە بگیرێ لە وڵاتانی خاوەن نەوت خۆیان دەسەڵات بەسەر ئەو سامانە بەهادارەدا بگرن. کاتێ سەرەک وەزیرانی ئێرانی محەمەد موسەدەق ١٩٥١ هەوڵی خۆماڵیکردنی نەوتی دا،خاوەن کۆمپانیاکانی رۆژئاوا لای حکومەتەکانیان بەنێزیکی هەموویان بایکۆتی کڕینی نەوتی ئێرانیان کرد. دواجار موسەدەق لە ئاوگۆستی ١٩٥٣ دا لە ڕێگای کودەتایەکی بەهاوکاری CIA پلان بۆدارێژراو ڕوخێندرا.

بەمەش هاتنی نەوتی وەک جاران ئاسایی بووە، ئەمەریکا هاوکات توانی ،کۆنترۆلی مۆنۆپۆلی بەریتانی بەسەر نەوتەوە بشکێنێ. هەر لەبەر ئەم پێشخانە بۆ دەوڵەتانی ماندوو زۆر سەخت بوو،خاوەن کارخانە گەورەکانی/oil multis رۆژئاوا ، وردە وردە دەست لە بەشێکی سوودی خۆیان نابەدڵانە هەڵگرن.١٩٦٠ دەوڵەتانی نێردەری نەوت ئۆپێک OPEC Organization oft he Petroleum) (Exporting Countries کە بەنێزیکی هەموو وڵاتانی رۆژهەلاتی ناوین لە خۆدەگرێ. گردبوونەوەی عێراق و ئێران و قەتەر و کوێت و سعودی عەرەبی ئیمارات ،نیشاندانی سەرکەوتنێکی گرنگە، توانا و دەسەڵاتی مامەڵەی دەوڵەتانی نەوت دەرهێنەر بەرامبەر بە رۆژئاوا بە گشتی بەهێز دەکات. دەبێت بەدەیا ساڵی تریش بەردەوام بکات بێ گرفت بەسەر یەدەگی نەوت و گازدا بەم پێیە ئەرک و خەرجییان گرتە ئەستۆ کەلوپەلە کۆنەکانی نەوت دەرهێنان پەرە پێبدەن و نوێ بکەنەوە. لە دەرئەنجام دا دەوڵەتانی رۆژهەلاتی ناوین،لە ناوەڕاستی ١٩٧ وە هەم سەروەریی سیاسی و هەم ئابووری خۆیان بەدەست هێنا.

سەرچاوە: Informationen zur politischen Bildung/izpb ژمارە ٣٣١،٣-٢٠١٦/٤








*Stattdessen übernehmen die Mandatsmächte Frankreich und Großbritannien d... Herrschaft. Parade in Syrien zum französischen Nationalfeiertag 1920*



*Scherif Hussein von Mekka kämpft vergeblich für ein unabhängiges Arabien.*





*...hrte wie Jamal ad-Din al-Afghani (li.) und Mohammed Abduh sehen ein Mittel ...n die westliche Dominanz in der Rückbesinnung auf die Grundlagen des Islam.*



*Der britische Politiker Arthur James Balfour, hier 1925 beim Besuch einer jüdischen Siedlung, unterstützt die Gründung eines jüdischen Staates in Palästina.*



Gegen die vermehrte Zuwanderung von Juden nach Palästina, insbesondere zw-
schen 1933 und 1939, erhebt sich die arabische Bevölkerung unter Führung des Groß-
muftis von Jerusalem, Amin al-Husseini. Straßenschlacht in Jaffa, 1930er-Jahre



## Die Arabische Liga

Internationale Organisation arabischer Staaten

gegründet: 1945

Sitz: Kairo (Ägypten)

Mitglieder: 22 (21 arabische Staaten und Palästina vertreten durch die PLO)

Ziele: Stärkung der Zusammenarbeit zwischen den Mitgliedern, Sicherung der Unabhängigkeit und Souveränität der Mitgliedstaaten, Anerkennung Palästinas als unabhängigen Staat, Schlichtung innerarabischer Streitfälle



### Mitglieder

1 Ägypten
2 Algerien
3 Bahrain
4 Dschibuti
5 Irak
6 Jemen
7 Jordanien
8 Katar
9 Komoren
10 Kuwait
11 Libanon
12 Libyen
13 Marokko
14 Mauretanien
15 Oman
16 Palästina
17 Saudi-Arabien
18 Somalia
19 Sudan
20 Syrien*
21 Tunesien
22 Vereinigte Arabische Emirate



embryonale arabische Nationalbewegung,
als Antwort auf den erstarkenden türkischen Nationalismus und ohne zentrale Führung. Arabischer Nationalismus äußerte sich anfänglich weniger in politischen Forderungen als in



*Gleichwertigkeit sieht anders aus. Eine Postkarte von 1905 karikiert das Missverhältnis zwischen der Selbstwahrnehmung europäischer Touristen in Ägypten und ihrer Sicht auf die einheimische Bevölkerung.*